# گەڕانەوەی بێچارەیی و گەڕانەوەی خۆبەخشانە بۆ باکوری عێراق

پرۆگرامی زانیارییپێدان، گەڕانەوەی هاولاتییانی عێراقیی بۆ عێراق و ئاوێتەبوونەوەیان بە کۆمەڵگا (IRRINI)

٢٠٠٨ / ٣ / ١

Kurdisk - sorani

ڕۆژی ١ / ٣ / ٢٠٠٨ پرۆگرامێکی گەڕانەوە بۆ گەڕانەوەی بێچارەیی ئارەزوومەندانە و گەڕانەوەی خۆبەخشانەی ئارەزوومەندانە بۆ باکوری عێراق دەست پێدەکات. پرۆگرامەکە پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی لە باکوری عێراق دەگرێتەوە.

پرۆگرامی IRRINI (پرۆگرامی زانیارییپێدان، گەڕانەوەی هاولاتییانی عێراقیی بۆ عێراق و ئاوێتەبوونەوەیان بە کۆمەڵگا) زەمینە بۆ ئەوە دەڕەخسێنێت کە کەسانی خەڵکی باکوری عێراق ئارەزوومەندانە بگەڕێنەوە، وە هەروەها بۆ ئەوەی ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە بتوانن لە کۆمەڵگای عێراقییدا ئاوێتە ببنەوە. پرۆگرامەکە لەلایەن **ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیی (IOM)** ەوە پیادە دەکرێت، وە لەلایەن دەسەڵاتدارێتیی نەرویجییەوە خەرجییەکەی دەدرێت.

ئەم پرۆگرامی گەڕانەوەیە هەم بۆ ئەو عێراقییانەیە کە ڕوخسەتی مانەوە (ئیقامە)یان هەیە و هەم بۆ ئەوانەش کە نیانە.

ئەوانەی کە ڕوخسەتی مانەوەیان لە نەرویجدا نییە و لە چوارچێوەی ئەم پرۆگرامەدا ئارەزوومەندانە دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، هەر نەفەرەو ١٠,٠٠٠ (دە هەزار) کرۆنی نەرویجییان بە نەقدیی (بە پارەیی) دەدرێتێ. ئەم بڕە پارەیە لەگەڵ گەیشتنەوەیاندا – لە عێراق دەیاندرێتێ. هەروەها پرۆگرامەکە کۆمەکێک بۆ ئاوێتەبوونەوەی کەسی گەڕاوە لە کۆمەڵگای ئەوێدا دابین دەکات کە قیمەتەکەی، بۆ هەر نەفەرێک، تا ٢٥,٠٠٠ (بیست و پێنج هەزار) کرۆنی نەرویجیی دەڕوات.

ئەو عێراقییانەی کە ڕوخسەتی مانەوەیان لە نەرویجدا هەیە، گەر بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان بدەن، ئەوا بە نەقدیی هەر یەکە ١٥,٠٠٠ (پانزە هەزار) کرۆنی نەرویجیی وەردەگرن. ئەم بڕە پارەیە بەر لە سەفەرکردنەوەکەیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری بیانییان [UDI] ەوە دەیاندرێتێ. هەروەها کۆمەکێکیان بۆ ئاوێتەبوونەوە لە کۆمەڵگای ئەوێدا دەدرێتێ کە قیمەتەکەی بۆ هەر نەفەرێک تا ٢٥,٠٠٠ (بیست و پێنج هەزار) کرۆنی نەرویجیی دەڕوات.

کۆمەکی ئاوێتەبوونەوەکە کە قیمەتەکەی تا ٢٥,٠٠٠ (بیست و پێنج هەزار) کرۆنی نەرویجیی دەڕوات، لەلایەن نووسینگەی IOM ەوە لە عێراق، وە بە مشورەت لەگەڵ داواکارەکە یان کەسە گەڕاوەکە، سەرپەرشتیی دەکرێت و بە ڕاستەوخۆیی لە ئیجرائاتی ئاوێتەبوونەوە لە عێراقدا، بۆ نموونە لە سازدانی ئموری بژێویی–پەیداکردندا، لە بەشدارییکردن لە کۆرسدا یان لە خوێندندا و .. هتد – بەکار دەهێنرێت.

**پرۆگرامی IRRINI ئەم ئەرکانەی خوارەوەی گرتۆتە ئەستۆ:**

- <u>چالاکیی زانیارییپێدان لە نەرویج</u>. IOM و BIP [بەرنامەی داهێنان لە بواری کار و کاسبیکردن] چالاکیی زانیارییپێدان هەم لە ناوەوەی کامپ و هەم لە دەرەوەی ئەنجام دەدات. ئەم چالاکیی زانیارییپێدانە ڕووی لە خەڵکی عێراقیی، کارکەران لەگەڵ پەنابەر، کارمەندانی کامپەکان و هەر کەسێکی ترە کە پەیوەندیی بە کەسانی مەبەستەوە هەیە.

- <u>زانیارییپێدان و ڕێنماییکردنی فەردیی</u>. IOM و BIP بە فەردیی زانیاریی و ڕێنمایی دەدەن بەوانەی کە بیردەکەنەوە بگەڕێنەوە. بۆی هەیە موتابەعەی فەردیی لە ڕێگەی تەلەفۆن یان لە ڕێگەی کۆبوونەوەی شەخسییەوە، یانیش لە ڕێگەی ئیمەیڵ و نامەوە ئەنجام بدرێت.

- <u>ڕێکخستنی سەفەرەکە</u> و دەستگیرۆییکردنی کەسی گەڕاوە کاتی گەیشتنەوەی بە باکوری عێراق. IOM لە تەرتیبکردنی کاروبارەکانی سەفەرکردنەکەتدا یارمەتییت دەدات، وە خەرجیی گواستەنەوەکە تا گەیشتنت بە دوا وێستگە دەگرێتە ئەستۆ. هەروەها IOM دەتوانێت لە ڕێگای گەڕانەوەکەدا تا دوا وێستگە لە عێراق، یارمەتیی ئەوەت بدات بتوانیت – گەر بکرێت لە شەووڕۆژێک زیاتر نا – لە جێگایەک بۆ پشوودان و ڕۆژکردنەوە بمێنیتەوە.

- <u>زانیارییپێدان و ڕاوێژکاریی دوای گەیشتنەوە</u> بەپێی ئەو پێویستییانەی کەسی داواکەر بۆ ئاوێتەبوونەوە کە بەر لە بەڕێکەوتنی، لەلایەن IOM ەوە تۆمار کراون. دابینکردنی کەسانێک بۆ درێژەدان بە موتابەعە و یارمەتییدانی کەسی گەڕاوە. داڕشتنەوەی پلانێک بۆ ئاوێتەبوونەوە کە دەرفەتی کارکردن و فێرکردنی تیا بێت.

- <u>کۆمەک بۆ ئاوێتەبوونەوە</u>. پشتیوانیی بۆ ئاوێتەبوونەوە دەکرێت ئەمانە بگرێتە خۆی: بەردەستخستن بۆ کار، فێرکردن و کۆمەکی ماددی بۆ دانی مووچە، کۆمەک بۆ سازدانی ئموری بژێویی–پەیداکردن، قوتابخانە و خوێندن. هەروەها پڕۆژەی IRRINI کۆرس و وانەی مەشقکردن لەسەر کار بە ماوەی جیاواز جیاوازەوە ساز دەدات.

- <u>فێرکردن لە بواری دانانی پڕۆژەی کاردا</u>. BIP دەرفەتی فێرکردن لە بواری دانانی پڕۆژە و دانانی دامەزراوەی کار و کاسبیکردنکردندا، لە بواری سازدان و گەشەپێدانی چالاکیی کاری شەخسیی و گەشەپێدانی پلانی دیارییکراوی کار و کاسبیکردنکردن لە عێراق بۆ کەسی گەڕاوە دەستەبەر دەکات. BIP دامەزراوەیەکی نەرویجییە و ئەم چالاکییەی وەک مەهامێک لە دەسەڵاتدارانی نەرویجییەوە پێ ڕاسپێردراوە.

- پشکنینی تەندروستیی. دەسەڵاتدارانی نەرویجیی پشکنینێکی تەندروستیی ئارەزوومەندانە بۆ ئەو عێراقییانەی کە دەگەڕێنەوە باکوری عێراق دەستەبەر دەکات. کەسی داواکار بۆ کوتاندن پێویست دەکات بە پزیشکی جێگیری خۆی، یان بە پزیشکێکی ترەوە، یان بە بنکەی تەندروستیی ناوچەییەوە یانیش بە پزیشکی پاراستن لە نەخۆشیی تەشەنەکەرەوە پەیوەندیی بکات.

دەسەڵاتدارانی تەندروستیی بە باشی دەزانن هەموو کەسێک دژ بە نەخۆشییەکانی وەناق، دەردەکۆپان و ئیفلیجیی منداڵ بکوترێت. ئەو ڤاکسینانەی کە بۆ کوتانی بنەچەیی دژ بەم نەخۆشییانە بەکار دەهێنرێن لە ئەسڵدا خۆی هەر بۆ منداڵان هەن، بۆیە لە حاڵەتی بەکارهێنانیاندا بۆ کەسانی گەورە ساڵ، دەبێت ئەو پزیشکەی کە پزیشکی ڕێگرتن لە گوازرانەوەی نەخۆشییە، پەسەندی بکات.
UDI مەسرەف و تێچووی ئەو ڤاکسینانەی کە پێویستن وەریانبگرێت دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

ئەو داواکارانەی کە لە کامپدا دەژین دەتوانن پسووڵەی ئەو برەپارەیە کە خۆیان لای پزیشک یان لە بنکەی تەندروستیی دەیدەن، ڕادەستی کامپەکەی بکەنەوە، کە ئەویش لای خۆیەوە پارە سەرفکراوەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو داواکارانەی کە لە شارەوانییەکان (کۆمۆنەکان)دا دەژین دەبێت بە هەمان شێوە پسووڵەکان لای خۆیان بپارێزن. بڕی پارەکە لەلایەن نووسینگەی هەرێمایەتیی UDI-یەوە لەو هەرێمەدا کە داواکارەکەی تیادا دەژی، دەدرێتەوە.

پرۆگرامەکە لە ١ / ٣ / ٢٠٠٨ وە تا ٢٨ / ٢ / ٢٠٠٩ بەردەوام دەبێت.

**چۆن دەتوانیت داوا بکەیت؟**

**داخوازییبنامەی گەڕانەوەی بێچارەیی ئارەزوومەندانە** دەنێردرێت بۆ IOM لە ئۆسلۆ

بۆ زانیاریی زیاتر پەیوەندیی بکە بە:

- IOM لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆن: ٢٢ ٥٣ ١٠ ٢٣ (کاتژمێر 0900 – 1600) یان: www.iom.no
- BIP لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆن: ٠٠ ٩٥ ٢٦ ٦٩ یان: www.bips.no

ژمارە مۆبایل: گیگگی لانگفەلت [Giggi Langfeldt]: 370 41 958 47 +

داخوازییبنامەی گەڕانەوەی خۆبەخشانەی ئارەزوومەندانە دەنێردرێت بۆ نووسینگەی هەرێمایەتیی UDI لەو هەرێم [Region]ەی تیایدا نیشتەجێیت.

**هەندێک زانیاریی سەبارەت بە بۆگێڕانەوەی باجی بە زیادەدراو**

ئەو کەسانەی کە کەمتر لە ١٨٣ ڕۆژ لە نەرویج بوون، دەتوانن بەر لە سەفەرکردنەوەکە بڕۆن بۆ نووسینگەی باج و خەراج [Likningskontoret] و داوای ئەوە بکەن کە بەر لە وەختی لێکدانەوەی باجیان بۆ بکرێت. کەسێک کە لە ماوەی ١٢ مانگدا زیاتر لە ١٨٣ ڕۆژ یان لە ماوەی ٣٦ مانگدا زیاتر لە ٢٧٠ ڕۆژ لە نەرویج دەمێنێتەوە، ئیتر ئەو کەسە لە ڕووی باجدانەوە وەک دانیشتوویەکی وڵاتی نەرویجی لێ دێت، بۆیە دەبێت خودپێراگەیاندن [Selvangivelse]، تەنانەت هی ئەو ساڵەشی کە تیایدا دەگەڕێتەوە، تەسلیم بکات. لێرەوەیە ئێمە پێمان باشە ئەوانەی کە بڕیارە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، سەبارەت بەم مەسەلەیە، وە وەک ئامادەکارییەک بۆ سەفەرکردنەوە بۆ وڵات، پەیوەندیی بکەن بە نووسینگەی باج و خەراجی ناوچەیی ئەو شوێنەوە کە لێی دەژین.